**سامان کەریم**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی**

پرسیارەکەتان بۆخۆی هەڵگری لێکدانەوەو بۆچونی جیاوازە. مەبەستم ئەوەیە ئەم شێوە لە پرسیارکردن بە چەند شێوەو لەلاەین کەس‌و رێکخراوەو ئەحزابی جۆراوجۆرەوە دێتە پێش، هەرلایەك وهەرکەسیك بەپێی بۆچۆنیك کە هەیەتی ئەم پرسیارە ئاراستە دەکات.

کەسانی ئاسایی چ لە دەرەوەو چ لەناوەوە ولە ئەنجامی خوێندەوەی خۆیانەوە بۆ هەلومەرجی سیاسی عێراق ئەم پرسیارە ئاراستە دەکەن‌و ڕوانگەی ئەوان زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەمەریکا هێزیکی گەورەیەومانەوەی لەوانەیە پۆزەتیف بێت. ئەم شێوەیە لە لێکدانەوە، ئەگەر لە زەینی ئەو کەسەی پرسیار دەکات لەوانەیە مەبەستیکی سیاسی نەبیت، بەلام خۆی لەخۆی دا رەنگدانەوەی تێڕوانینێکە کە لەکۆمەلگادا لەلایەن ئەحزابی یەمینی‌و پرۆ ئەمەریکی‌یەوە ئاراستە دەکرێت. ئەصلی مەسەلە لە عێراقد چی‌یە؟ بۆچی هەلومەرجی سیاسی‌و ئەمنی لە عێراقدا بەتەواوی لێك ترازاوەو بنەماکانی کۆمەلگای مەدەنی‌و مەدەنیەت شیرازەیان تێکچوە؟ هەر دیاردەیەك هۆی بناغەیی خۆی هەیە، چارەنوسی هەرنەخۆشیەك پێش هەرشتیك دیاریکردنی نەخۆشیەکەو هۆی توش بونیەتی. بەم پێیە بۆ هەلومەرجی سیاسی عێراقیش هەروایە. تیرۆرو تیرۆریزم لە عێراقدا، بێهۆ برەوی پەیدا نەکردوە، لەئاسمانی بێهەوردا باران بارین مانای نیە. ئێمە پێشتر لەعێراقدا، واتە پێش روخاندنی حکومەتی دیکتاتۆری قەومی بەعس‌و داگیرکاری ئەمەریکا ڕوبەڕوی دیاردەی تیرۆرو تیرۆریزم نەبوین. ئەوەی کە تیرۆرو تیرۆریزمی کردۆتە دیاردەیەکی زەق‌و باوی ئێستای عێراق جەنگی ئەمەریکاو داگیرکردنیەتی لەلایەن ئەوەوە.

ئیسلامی سیاسی بەهەموو باڵەکانیەوە، چ باڵی قانونیەکەی بێت کە لە ژێر سایەی داگیرگاری ئەمەریکادا لە حکومەتی کاتی عێراقدا بەشدارە، کە ئەم باڵەیان زیاتر ئیسلامی سیاسی شیعی پرەو جمهوری ئیسلامی ئێران دەگرێتەوە، وە چ باڵی ئیسلامی سیاسی بن لادنی بێت، یان پاشماوەکانی ئیخوان موسلمی‌و وەهابیەکان، کەلە ئەحزابی جیاواز جیاوازی کوردی‌و عەرەبیدا خۆیان رێکخستوە، هەموویان دیاردەیەك پێك دەهێنن، بەناوی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیەوە. ئەم تیرۆریزمە سەرەڕای ئیختلافاتی نێو خۆیان، هەموویان ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی‌یە لە عێراقدا، چ نمونەی ئێرانیەکەی بێت یان نمونەی تالیبانیەکەی. پاشماوەکانی حکومەتی قەومی بەعسیش، لەهەلومەرجی ئێستادا ناچارن بون بەرگی قەومی- ئیسلامی بپۆشن‌و زۆرەبەی کارەکانیان لە ژێر ناوی گروپ‌و رێکخراوەی‌ی ئیسلامیدا ئەنجام دەدەن. ئەم بزوتنەوەو ریکخراوو ئەحزاب‌و گروپ‌و دەستەو تاقمە تیرۆریستانە زۆربەی زۆریان پێش جەنگ‌و داگیرگاری ئەمەریکا هەر وجودیان نەبووە. لەلایەکی تریشەوە ڕوپۆشی ئایدۆلۆژی‌و فکری ئەم هێزە تیرۆریستیانە تەنها "دژی داگیرکەر"و "دژی ئەمەریکاو کوفر"و شتی لەمبابەتەیە، واتە تەنها پڕپاگەندەو زمانی سیاسیان بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك‌و تەبریر هێنانەوەو بۆ کارەکانیان ئەوەیە کە ئەمەریکا عێراقی داگیر کردەوەو بەم پێیەش "مقاوەمەتکردن دژی کاریکی بەرحەقە". بەلاّم لەراستیدا ئەوان مقاومەت ناکەن، بەڵکو خەریکن پێکەوە لەگەل تیرۆریزمی نیو دەولەتی ئەمەریکادا، کۆمەلگایەك کاول دەگەن، ئامانجی هاوبەشی ئەم دوو جۆرە لە تیرۆریزم لە ئەمڕۆی عێراقدا، تێکدانی بنەماکانی مەدەنیەت‌و بەرکەنارکردنی ئیرادەی ئازادانەی خەلکە لەعێراقدا. ئەمەریکا، تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی کردۆتە بیانویەك بۆ زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی عێراق‌و بەرکەنارکردنیان لەدیاریکردنی چارنوسی سیاسی خۆیاندا، لەڕێگای دامەزراندنی حکومەتیکی ئیسلامی وقەومی تایفی‌یەوە، هەروەها دانانی دەستورێکی قەومی تائیفی ئیسلامی‌و کاولکردنی عێراق‌و کوشتنی مندالان‌و لاوان‌و ژنانی عێراق لە ژێر ناوی لێدانی تیرۆریزمدا، لەلایەکی تریشەوە وەلامی یەك خواستی خەڵکی عێراقی نەداوەتەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی‌یە گشتیەکانەوە بکرە تاکو مافە مەدەنی‌و سیاسیەکانیان، باسی دابینکردنی ئەمنیەت ناکەم چونکە هۆکاری ئەصلی نائەمنیەت لەعێراقدا بونی

ئەمەریکاو هێزەکانیەتی لەعێراقدا. هەروەها تیرۆریستانی ئیسلامی کۆمەلگایان نقومی خوین کردوە بەبیانوی بونی ئەمەریکاو داگیرکەرەوە لەعێراقدا، لەریگای تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبیلو خۆکوژیو سەپاندنی قانونی کۆنەپەرستو تەقاندنەوەی هەر ئەلگۆو دیاردەیەك کە پەیوەندی هەیە بە مەدەنیەتەوە، وەکو ئارایشتگای ژنان، سینەماکان، دوکانی مەشروب فرۆشتن، فەرزکردنی حیجاب قەدەغەکردنی چونی ژنان بۆ زانکۆو قوتابخانە، فەرزکردنی قانونی جەنگەلو ریگا گرتن لە ئازادی سیاسیو هەرەشە لە کەسانی ئازادیخوازو سکولارو مۆنۆپۆلکردنی شارەکان لە ریگای میلیشاکانیانەوەو بردنە پێشەوەی سیاسەتی تایفەگەریو هەلاواردنی تایفی ئەمە لەشارەکانی باشورو ناوەراستدا لەلایەن هەردوو ئیسلامی سیاسی شیعیو بن لادنیەوە دەچێتە پێشەوە، بەرانبەر بە " سونی مەزەهەب"و" شیعیی‌مەزهەب".

هەرودوو لایەنی تیرۆریزمی ئیسلامیو ئەمەریکی بونی خۆیان لەعیراقدا و پاساو هێناوە بۆ سیاسەتو کردەوە کۆنەپەرستانەکانیان، بە بونی یەکتری دەسەلمێنن. لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بکەم بە چەپ بەشێوەیەکی گشتی لەجیهانداو بەتایبەت چەپی ئەورپا، ئەوانیش لەژێر ناوی "دژی داگیرکەریو ئەمەریکدا" هەموو کارو کردەوەیەکی ئەمەریکا ئیدانە دەکەنو دژایەتی خۆیان بەرانبەر بە ئەمەریکا ڕادەگەیەنن، بەلاّم خواستو دواکاری خەلّکی عێراقو حکومەتو دەستور قانونیك کە دەیانەویتو خەباتی بۆ دەکەن، جیگای گرینگی پیدانی ئەم چەپانە نیەو بەم پیّیە بەکردەوە لەباری سیاسیەوە دەکەونە بەرەی ئیسلامی سیاسیەوەو ئەوان بەهیز دەکەن، نمونەی ئەم کارانەیان لە جەنگی ئەمەریکا دژی تالّباندا بەشێوەیەکی رۆشن دەرکەوت. چەپەکان کەمن پیم وابیت ئەو هەلّویستەیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە زیاتر هەلّویستیکی ئایدۆلۆژیو پاکردنەوەی ویژدانی خۆیانە لە کارەکانی ئیستعماری ئەمەریکیو بەریتانی کە لەدەورانی کرلۆنیالیزمدا بردویانەتە پێش، بەم هۆیەوەیە ئاسۆی سیاسی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەیان لەدەستداوەو خەلّکی وولاتانی وەکو عێراقو ئەفغانستانو ئیرانو... بەرەلاّ کردوە بۆ ئیسلامی سیاسی کە بەوەحشیانەترین شیوە دەکوژرینو ئیهانەت بەکەرامەیتان دەکریت، کە ڕوانگەو بۆچونێکی هەلّەیەو ئەوانە هیچ بەرپرسی ئەو کارانە نین کە حکومەتەکانیان دەیکاتو بۆیە پێویست نیە ویژادنی خۆیان لە شتێك پاك بکەنەوە کە بەرپرس نین لە بەرامبەریدا، ئەوان پێویستە هەلّویستیکی تر وە ئینسانی وە جیهان داگر نیشان بدەن. پێویستە لەسەر چەپەکان وە یەکێتیەیە کرێکاریەکانو هەرکەس بە ڕەزەیەك لەگەل مافەکانی ئینساندایە، وەکو حکومەتەکانیان کە چۆن دەخالّەت دەکەن لە هەموو کێشەو گرفتیکی جیهانیدا ئەوانیش بەهەمان شێوە فکر بکەنەوە. سەرنج بدەن بەریتانیا و حکومەتە راستەکەی بەسەرۆکایەتی بلێر، شرۆدەرو حکومەتە سوشیال دیموکراتیەکەی بۆش وحکومەتە نیو لبیرالیە کۆنەپەرستو راستەکەی، لە هەمو جێگایەکی دنیادا دەخالەت دەکەن لە ژێر ناوی " ئەمنی قەومی" یان بەرژەوەندی" ئەلمانیاو بەریتانیاو فەرەنساو..." یان درۆو دەلەسەی " مافی مرۆف"و بلاوکردنەوەی دیمکراتی". دەبیت ئازادیخوازانی دنیاش بەم شێوەیە وە بەم ئاسۆیەوە بەشداری بکەن وە پشتی ئازادیخوازانی ئەو وولاتانە بگرن کە کێشەکان تیایدا تەقیوەتەوە وەکو عێراق بۆنمونە. نابیت بەوەندە ئیکتفا بکەن کەدژی ئەمەریکان ئەوە لایەکی مەسەلەکەیە، لاکەی تری ئەوەیە ئەی خەلّکی عێراق چارەنوسی چی بێت، خواستە ئینسانیەکانی چۆن جێبەجیّ بێت؟ بۆیە کرێکاران وە چەپەکانی دنیا ئەرکی ئینسانی گەورەیان لەبەردەمدایە.

ئەگەر داگیرکاری نەمێنێت هیزەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا نەمێنن، پاساوی سیاسیو ئایدۆلۆژی تیرۆریزمی ئیسلامی نامینێت، هۆیەك نامینێت، کە ئەوان پاساوی کاری تیرۆریستی پێبکەن. ئەگەر داگیرکاری ئیسرائیل بۆ فەلەستین نەمێنێت، تیرۆریزمی حەماسو وجیهادی ئیسلامیو خۆتەقاندنەوە مانای نامینێتو ئەرزیەتێکی دروستکراو کە هەیەتی لە دەستیان دەچێتو بەم پیّیەش دەبیتە هۆی لاوازبونی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەیان، ئەمە واقعیەتی دنیای ئەمرۆیە. لە هەرکۆێیەك ئەمەریکا هەبێت، تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بەهیز دەبیتو نفوزی ئیسلامی سیاسی دەچێتە پێشەوە، سەرنج بدەنە ئەفغانستانو فەلەستین بەهۆی ئیسرائیلو عێراق. ئەمە بەجیا

لەوەی کە ئیسلامی سیاسی خۆی وەك دیاردەیەك لەدایکبونی دەورانی جەنگی ساردەو لەلایەن ئەمریکاو غەرەبەوە بەگشتی بەهیز کراوە لە کێبەرکێی نیوان دو بلۆکی ئیمپریالستی غەرب بە رابەری ئەمەریکاو بلوکی سوفیەتدا، کە بۆ مەرامی خۆیان بە بلۆکی " کۆمۆنیستی " ناویان دەبرد.

بەڵام ئەگەر جەنگی ئەمەریکاو داگیرکاری لە عێراقدا هۆی ئەصلی پێکهێنانی ئەم هەلومەرجەن، ئەی بەچونە دەروەی ئەمەریکا، هلەومەرجە کەچی بەسەر دێت؟ من پیم وایە ئەگەر هۆی ئەصلی بەهیز بونی تیرۆریزمی ئیسلامیو هەروەها بناغەی سیاسیو فکرییان بۆ کاری تیرۆریستیان بونی ئەمەریکایە. بە نەمانی ئەمەریکا لەعێراقدان تیرۆریزم و کاری تیرۆریستی بەڕادەیەکی هیجگار زۆر بەرەو لاوازبون دەڕوات، چونکە زەمینەی بەهیزبونیان لەدەست دەدەن وەبەتایبەت زەمینەی کردەوەی تیرۆریستی لەدەست دەدەن، واتە گرینگترین هۆی مانەوەو بەهێز بونی خۆیان وەکو هێزیکی سیاسی کە تیرۆرە لە دەست دەدەن. لەلایەکی ترەوە، ئەو کات کیبەرکێی نیو هیزە سیاسیەکانی کۆمەلگا ئەوە دەبرێنیتەوەکە کام هێز دەتوانیت، دەسەلات بگریت، وەکام هیز وەلام بداتەوە بە خواستو داواکانی خەلك پیم وابیت ئەو هیزە دەیباتەوە. لەم نێوەدا خەباتو نارەزایەتی خەڵك وهاتنە مەیدانیان بۆ خواستە بەرهەقەکانیان وە ڕێکخستنی ئەم بزوتنەوەیەو ڕابەریکردنی بەوێنەی بزوتنەوەیەك کە ڕوی لە دامەرزارنی حکومەتێك بێت کە نوێنەری ڕاستەوخۆی خەلکی عێراق بێت، حکومەتێك کە دەستورەکەی دینی جیاکردبیتەوە لەدەولەتو قەومیەتی جیاکردبیتەوە لە دەولەت، حکومەتیك کە مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەلك جیبەجیبکات، بزوتنەوەیەکی وا پێویستی بەهاوپشتی هەموو ئازادیخوازانی جیهان هەیە، ئەحزابەکانی، ریکخراوەکانی، کەسایەتیەکانیو میدیاکانی، هاوپشتی سیاسیو مەعنەوی ومادی. بزوتنەوەیەك کە ڕووی لە کردنە دەرەوەی هیزەکانی ئەمەریکا بیت، وئامانجەکەی گیرانەوەی مەدەنیەت بیت بۆ کۆمەلگا لەعیراقدا. پێویستمان بە بزوتنەوەیەکی وا هەیە، بۆئەمەش پێویستمان بەدروستکردنی ریکخراوەیەك هەیە کە بتوانیت ئەم کارەمان بۆ بکات ئیمە وەك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئێستا بەگەرمی سەرقاڵێ پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی لەو چەشنەینو دەستمان بەمکارە کردوە، ماوەتەوە هاودەنگیو هاوپشتی ئازادیخوازانی دنیا. سەرنج بدەن ئەگەر بزوتنەوەی ئەنتی ئاپارتاید لە جنوبی ئەفەریقا توانی سەربکەویت بەسەر نیزامی رەگەزپەرستدا، هۆیەکی سەرەکی هاوپشتی جیهانیو گەورەی دنیا بوو لەو بزوتنەوەیە، کاریکی ئاوا بۆ ئەمرۆی عێراق ئەرکی هەر کەسو لایەنو ریکخراو حیزبیکی ئازادیخوازەو بۆیە پێویستە کە بەزوترین کات خۆیان پەیوەست بکەن بە بزوتنەوەکەمانەوە. بانگەوازی من بۆ ریکخراوە کرێکاریو چەپەکان بۆ هەموو ئینسان دۆستانی دنیا ئەوەیە، پێویستە بێن لەگەلمان هاوبەش بن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خەلکی عێراق. بزوتنەوەو هەلسو کەوتو سیاسەتی حکومەتانی سەرمایەداری حەرەکەتیکی جیهانیو هاوبەشە ئێمەش دەبیت وابکەین، ئەگەر نا ئەوا نەك تەنها خەڵکی عێراق بەڵکو خەڵکی ئەورپاو ئەمەریکاش پاشەکشەیەکی گەورە دەکەن.